# لە ئۆپۆزۆسیۆنێکی سروشتی پەرتەوازەوە بۆ بەرەیەکی ڕێکخراو

سەلاحەدین بایەزیدی

ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەحوکمی فرەزاراوەیی، فرە ئایینی و فرە کەلتووری لەچاو پارچەکانی دیکەی کوردستان پێکهاتەیەکی پلۆرالیست و لەهەمانکاتدا پەرتەوازەی هەیە. هەر ئەوەش ڕێگەخۆشکەر بووە بۆ دانانی سنوورو بەربەستێك لەبەردەم یەکگرتنی ریزەکانی جەماوەر. ناڕەزایەتی و سەرپێچی لەبەرامبەری ڕژێم لەشوێنێکدا نەبۆتە هۆی نارەزایەتییەکی سەرانسەری و هەمەلایەنە. چونکە لەپشت ئەو نارەزایەتییەوە تایبەتمەندییەکی هەرێمی خۆی نواندوە. یان ئەو هەڵچوونە لەئەنجامی گوشاری ڕژێم بۆ سەر بیروباوەڕی خەڵکی ئەو ناوچەیە بووە، یان لەمیانەی ڕوداوێکی ڕۆژانە دا هاتۆتە گۆڕێ کە خەڵکی ناوچەکانی دیکە بەکێشەیەکی خۆیان نەزانیوەو لەگەڵی هاودەنگ نەبوون. بۆ نموونە ئەگەر ڕژێم گوشاری خستبێتە سەر پێڕەوانی ئەهلی حەق، یەکێکی موکریانی یان کورمانج سەری پێوە نەئێشاندوە، یان ئەگەر ناڕەزایەتییەك شارە سنوورنشینەکانی گرتۆتەوە، وەك ئەو هەموو ڕوداوەی کە لەئەنجامی کوشتنی قاچاقچیەك دا بۆ وێنە لەمەریوان یان پیرانشار ڕوو دەدات، نەبۆتە کێشەیەکی خەڵکی کرماشان. تەنانەت ڕووداوی تیرۆری شوانە قادریش کە دەکرا ببێتە سەرەتایەك بۆ ئیعترازێکی بەرین و سەرتاسەری، لەبەر نەبوونی ڕێکخستن و قەیرانی لەمجۆرە تەنیا هەرێمی موکریان و ئەردەلانی گرتەوەو ئەو ڕووداوەش وەك زۆر ڕوداوی تر کە بەتایبەت لەم چەند ساڵەی دواییدا بێ پسانەوە دێنە ئاراوە، حاڵەتێکی هەرێمی بەخۆوە گرت. خۆپیشاندان و نارەزایی دەربڕین لەپێناو کوشتنی مەلا محەمەد ڕەبیعی و دەیان هەڵچوونی دیکەی هاوشێوە لەشارە جۆراوجۆرەکاندا هەر لەو بازنەیەدا دەخولێتەوە.

پەرتەوازەیی و نایەکریزی خەڵك لەم پارچەیەی کوردستان واتای ئەوە ناگەیەنێ کە خاوەن ئامانج یاخود خاڵێکی هاوبەش نین، بەپێچەوانەوە. سەرجەم چین و توێژەکان بێ جیاوازی دەردێکی هاوبەشیان هەیەو هاوکات ئامانجێکی هاوبەشیشیان هەیە. جا گرنگ نییە سەر بە کام زاراوەو کام ئایین و کام حزبن. بەسادەترین زمانیش دەتوانین ڕزگاربوون لەچنگ ڕژێم بەئامانجی هەموویان پێناسە بکەین. هەر تاکێکی کورد هیوای ڕزگاری لەمێشك دایەو بۆ گەیشتن بە ئامانجیش جگە لەهەندێ جیاوازی لاوەکی لەسەر شێوازێکی خەبات و تێکۆشان کۆکن. دیارە ئەم شێوازەی خەبات و هەروەها ڕزگاربوونیش بەگوێرەی تێگەیشتنی هەر مرۆڤێك لەم چەمکە دەگۆڕدرێ.

کارکردن و هەوڵدانی ڕژێم بۆ گۆڕینی ئەو دۆخە واتە لەئۆپۆزۆسیۆنەوە بۆ هێزێکی دینامیکی گوێڕایەڵ و سازشکار ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبووە. چەندە ئەو هەولانە لەسیاسەتێکی بەرنامەبۆداڕێژراویشەوە سەرچاوەی گرتبێ. کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ پێچەوانەکردنی ئەم دۆخە پراکتیکێکی زۆر سیستەماتیکی لەهەموو بوارەکانی ژیان، پەروەردە، بیرۆکراتی، ئابووری، وەرزش و ... بەڕێوە بردووە، بەشێوەیەك کە جوڵانەوە لەدەرەوەی ئەم پرۆسەیەی ڕژێمدا نامومکین و دژوار بێت، کەچی توانیویەتی تەنیا لەبواری شکڵەوە پاشەکشەی پێ بکات و لەبواری مەعریفەو تێگەیشتنەوە لەجێگەی خۆی ماوەتەوە. هەر ئەمانەش کارەکتەری ئۆپۆزۆسیۆن بوونی پێ بەخشیوە، ئۆپۆزۆسیۆنێکی سروشتی کە پاڵنەرەکەی هەست و تێگەیشتن بووە نەك هێزو دنەدانی دەرەکی. ئەم ئۆپۆزۆسیۆنەی خەڵك وەك هێزێکی سەربەخۆو جیاواز لەکردەوەدا خۆی نواندوەو زۆر جاریش وەك هێزێکی جیا حیسابی بۆ کراوەو تاکتیك و ستراتیژییەتی هەر لەم چوارچێوەیەدا بووە. چونکە وەك چۆن نەکەتۆتە بەرەی ڕژێم و داموودەزگاکانی، لەبەرەی ئەحزابی کوردی و ئۆپۆزۆسیۆنی ئێرانیش دوورە پەرێز ماوەتەوە. بەحوکمی ئەوەی ستراتیژی و ویست و داخوازییەکانی بەتەواوی لەگەڵ پرۆژەی سیاسی

و داخوازی حزبەکان یەکی نەگرتۆتەوە، بەشێوەیەکی ناسەقامگیرو هەڵپەسێراو لایەنگری و هەواداریێتی حزبێکی کردووەو سبەی خۆی لەشوێنێکی دیکەدا بینیوەتەوە.
دەتوانم بڵێم چەندە رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران نەیتوانیوە لەحاڵەتی ئۆپۆزۆسیۆن بوون دەری بێنێت، بەپێچەوانە حزبەکانیش لەخورت کردن و بەهێزکردنی ئەم بەرەیەدا نەیتوانیوە هەنگاوی بەرچاو بەرز بکەنەوە. هەرچی حزبەکانی کوردستانن، لەبری رێکخستن و یەکریزی خەڵك، زیاتر پەرتەوازەیان کردوە، نە تەنیا نەیانتوانیوە لەگۆڕینی ئەم بارودۆخەدا رۆڵیان هەبێت، بەڵکو هەمان تایبەتمەندییان لەکۆمەڵگاوە گواستۆتەوە بۆ ناو سەنگەرەکانی خەبات و ئۆردوگاکانیشیان. تایبەتمەندی ناوچەگەرایی و گرنگی دان بەهەرێمێك بەڕاشکاوی لەگوتاری سیاسی ئەو حزبانەدا دەردەکەوێ و لەپراکتیکی رۆژانەیان دا خۆ نیشان دەدات.
سەرگرتنی بەرەی کوردستانی پێکهاتوو لەحزب و لایەنەکانی رۆژهەلاّتی کوردستان دەیتوانی دەستپێکێك بێ بۆ ئەوەی ماڵی کوردی لەو پارچەیە یەك بخات و کۆتایی بەو بلاّوبوونە بێنێت. بەواتایەکی تر چەندە بەرەی کوردستانی نوێنەرو زمانحاڵی ئۆپۆزۆسیۆنی کوردی بێت، ئەوەندەش نوێنەری هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بێت و سنوورەکانی زاراوەو ئایین بڕوخێنێ و کەلتووری هەڵکردن لەگەڵ یەکتری و یەکگرتن گەشە پێ بدات. ئەوە باشترین و تاکە مودێلی رێکخستنی ئەم حزبانەیە بۆ وەسەریەکنان و کۆکردنەوەی ئەم دینامیکە پرژو بلاّوە و دەربازبوون لەو قەیرانەی کە لەبواری رێکخستنەوە دەستەویەخەی ئەم پارچەیەی کوردستان بۆتەوە. بەلاّم وەك لەواقیع دا دەبینین پرۆژەی بەرەی یەکگرتوو لەبەر هەندێك کۆسپ و تەگەرە هەروا هەڵپەسێردراو ماوەتەوەو تەنانەت لەبیرۆکەی شکڵ گرتنیشیدا دیسان دینامیکێکی بەرچاو لەدەرەوەی پرۆسەکە دەمێننەوە. ئەو بەرە کارتۆنییەی کە لەنێوخۆی ئێرانیشدا دروست بووە، بەهیچ شێوەیەك ناتوانێ ئەم ئەرکە راپەڕێنێ و هەنگاو بنێت لەپێناو یەکگرتنی خەڵکدا.
لەم نێوانەدا تەنیا بژارێك دەمێنێتەوە، ئەویش بەرەی یەکگرتووی خەڵکە کە بەهەوڵ و هیممەتی خودی خەڵك دروست دەبێ. بەجۆرێك کە مەغزایەکی تەواو سیاسی بدەن بەهەر جۆرە ناڕەزایەتی و جولاّنەوەیەکیان و هەوڵ بدەن بۆ ئەوەی دەنگی خۆیان لەئاستی جیهانی دا بەرز بکەنەوە. کەسانی سەربەخۆ بەگشت چین و توێژەکانی، رۆشنبیران، سەندیکاو دامودەزگا سڤیلەکان و لایەنگرانی حزبەکان لەکۆڵەکە بنچینەییەکانی ئەم بەرەیە دەبن. خۆدیتنەوەی لایەنگرانی حزبەکان لەئاراستەیەکی یەکگرتوو و هەدەفمەند دا گوشار بۆ پێکهاتەکانی دیکەی حزبیش دێنێ تاکوو لەم قۆناخەدا یەکبگرن و ناکۆکییە بچووکەکانیان وەلا بنێن.